بڕیارەکەی مەسرور بارزانی بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر مووچەخۆران دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاشکرای کرد کە لە نزیکترین کاتدا بڕیارەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر مامۆستایان و فەرمانبەران دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئەمڕۆ پێنجشەمە ڕایگەیاند: سەبارەت بە میکانیزمی دابەشکردنی زەوی، هەفتەی داهاتوو لەگەڵ سەرجەم سەرۆکایەتییەکانی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی شارەوانی و نەخشەدانانی ئاوەدانی لە پارێزگە و ئیدارە سەربەخۆکان کۆ دەبینەوە و ڕێنمایان پێ دەدەین سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی بەسەر مووچەخۆر و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

راشیگەیاند: هەر کەسێك کە مووچەخۆر و فەرمانبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت جا لە ڕاژەی مەدەنی یان سەربازی بێت، لە بڕیاری وەرگرتنی زەوی سوودمەند دەبێت.

ساسان عەونی گوتیشی: لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەرایەتییە شارەوانییەکان حیساب

بە فەرمانبەرانی گرێبەست و مامۆستایانی وانەبێژیش دەکرێت و بنەمای دادپەروەری رەچاو دەکرێت بە ئامانجی خزمەتکردنی سەرجەم هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو زەوییانەش کە بە دابەشکردن بەسەر مووچەخۆران تەرخان دەکرێت، وەزیری شارەوانی گوتی کە رووبەڕی سەوزایی و فراوانیی شەقام و شوێنی خزمەتگوزاری گشتی لەبەرچاو دەگیرێت.

لە کۆتاییدا جەختیشی کردەوە کە بە باشبوونی توانای دارایی، حکوومەتی هەرێم خزمەتگوزاری زیاتریش پێشکەش بە هاووڵاتییان و مووچەخۆران دەکات، یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانیش پێشکەشکردنی قەرزی خانووبەرە دەبێت.